# حیکمەتی هێنانی زیاتر لەیەک ژن

# و

# واجبێتی دادگەری لەنێوان ژناندا

# و

# ڕەواندنەوەی گومانی بێباوەڕان

## ئامادەکردنی: باوکی ئەسماء

**ساڵی 1432ی هیجری**
**بەرامبەر**
**ساڵی2011ی زاینی**

# بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشــەكى

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له. واشهد أن لا اله الا الله وحده لاشريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾.

﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَ لُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾.

أما بعد:

پاش سوپاس و ستايشى بێ پايانم بۆ خواى تاك و پاك و بێ هاوتا و خاوەنى بوونەوەر درودوو سڵاوى خوا لەسەر پێغەمبەرى خۆشەويستمان(محمد) ﷺ و يارو ياوەرانى بێت تا ڕۆژى دوايى لە پاشان دا:

ئەم نوسراوەى بەردەستتان بابەتێكى گرنگە كە لە (فيقه السنة)ى زاناى پايەبەرز سيد سابقە لە باسى ژن هێنان و مێردكردن بەزيادەيەكەوە كە خۆم پێشەكى و هەندێك خاڵى ديكەم بۆ داناوە كە هاوچەرخى ئەم سەردەمەى ئێستايە كەسەر لەنوێ شوێن كەوتەكانى شەيطان و هاوەڵ پەيداكەرانى قورەيش بيرى دۆڕاويان زيندوو بۆتەوە بۆ لە خشتە بردنى بەندەكانى خواى بەخشندەو شوێنكەوتەكانى ڕێبازى ڕاستەقينەى ئيسلام و سەرئەنجامى ئەم دەردە كوشندەيەش بەپلەى يەكەم چينى ئافرەتەو دواتريش نەمانى ڕێزو پلەى پايەيەتى لە كۆمەڵگادا بەو هيوايەى ئەم نوسراوە ببێتە هۆى ڕاستكردنەوەى چەمكە شێوێنراوەكان و دەرخستنى باسى حيكمەتى فرەژنى وەك خۆى كە چۆن ئاينى پيرۆزى ئيسلام بەرنامەڕێژى يەكى جوانى بۆ كردووە داوام وايەكە جێگاى ڕەزامەندى خواى گەورە بێت و پاشان ئێوەى بەڕێزيش سودمەند بن لە بابەتەكە و وە داواكارين لە خواى گەورە لە كەم و كووڕيمان ببورێت و بيكاتە توێشوى قيامەتمان. اللهم آمين .

**باوكى ئەسماء**

7ى صفرى 1432ى هيجرى - بەرامبەر 11/ 1 / 2011/ ى زاينى

**سەرەتایەک بۆ چونە نێو ڕێڕەوی باسەکە:**

بەهۆی دوورکەوتنەوەو دوور خستنەوەی مسوڵمانان لە بیرو باوەڕی ڕاستەقینە و نەهێشتنی پەروەردەی ڕەسەنی ئیسلامەتی لە خوێندنگاو فێرگەکان دا و داخستنی قوتابخانە شەرعی یەکان و وانەکانی مزگەوت و سەیرکردنی زانایانی ئاینی بە چاوێکی سوك و کۆنە پەرست و چەندین پیلانی ژەهراوی دیکە بۆ لە ئیسلام کردنی تاکی کوورد لەبەرامبەریشدا کردنەوەی دەیان سەتنەری لاوان و گەنجان و دەیان ڕێکخراوی بە ناو داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەبینین کە بێ گوێدانە ڕاستی یان ناڕاستی بابەتەکانیان بە شێوازێکی زۆر نامۆ یان نا دادگەرانە پێناسەی ئیسلام دەکەن بۆ خەڵکی بە دیدو بۆچونی ژەهراوی خۆیان خەڵکێکی نەزان فریو دەدەن لە ئەنجام دا خەڵکانێکیش بە بێ ئاگا یان بە ئاگا دەکەونە نێو داوی جاڵجاڵۆکەو دەکەونە شوێن ئەم هەموو ڕێکخراوە ئابڕو تکێنانەوە کە بەڕاگەیاندنەکانیان خەڵکی چەواشە دەکەن،وە لە نێو ئەو خەڵکەش دا یەکەم کەسێك کە دەکەوێتە داوی ئەم سەنتەرو ڕێکخراوانە و بەر چەقۆی کەس و کار دوای نە چون بەدەمیانەوە یان بە شێوازێکی تر بڵێین پاش ئیش پێنەمان پێیان بۆ مەرامی گڵاویان چینی ئافرەتانن،دەبینین دەیان ڕێکخراو هەن وە هەریەکەش لە ژێر ناوێکدا بانگەشە بۆ ڕزگاری ئافرەت دەکات وە سەیر و سەمەرە لەوەدایە هەموو ئەوبانگەشانەی کە باسیان لێوە دەکرێت تەنهاو تەنها باس باسی مافە!!! بەجۆریکی تر بڵێین ئەرك کە پێش مافە لای ئەمان بوونی نی یە بۆیە لەسەرەتای بانگەشەکەیانەوە هەموو ڕاستی یەکان دەردەکەون و وە کەسی تێگەشتو ئاقڵ بە خێرایی تێدەگات کە ئەو لاف و گەزافەی کە لێدەدرێت تەنها بۆ سوک کردنی ئافرەتەو ڕووت کردنەوەی ئافرەت و نەهێشتنی دروستکردنی ژیانی هاوسەرێتی و دوور خستنەوەی ئافرەتە لە سۆزی دایکایەتی و پەروەردەنەکردنی منداڵە لە قوتابخانەی دووەم کە دایك سەرپەرشتی دەکات تا سەرئەنجام ژیانی خۆشەویستی بگۆڕدرێت بە ژیانی ڕق لێبوونەوەو دووژمنایەتی لە نێوان پیاو و ئافرەت دا هەر بۆیە دەبینین زۆرێک لەو ئافرەتانەی کە پێداگری دەکەن لە فرەژنی و ئەم یاسا جوانەی قورئان بە نایەکسانی نێوان مرۆڤەکان یان پێشێل کردنی مافی مێینە و دەیان ووتەی دیکەی نە شیاو نا شایستە کە بەڕاستی غیرەتم نی یە بیان نوسم لێرەدا کە ئافرەتی بێ ئابڕوی وا نوسیونی کەچی هەردواتریش خۆی شوی دووەمی بەسەر ژنێکی تردا کردووە و کاتێکیش پرسیاری لێکراوە ئەمەت لە چی و ئەوەی پێشوت لە چی؟ لەوەڵامدا بە مافی تاکە کەسی خۆی زانیوەلبەڕاستی زۆر سەیرە ئەی ئەو ئافرەتە بەشەرم و حەیایەی کە خۆی ڕازی یە شوی دووەم بکات بە پیاوێك بۆ ڕیگرن لەبەردەیدا مەگەر تۆ مافی

تاكە كەسیت هەبێت و ئەوی تریش نا،ئایا ئەمە نا یەكسانی یە یان ئەوەی خوای گەورە بە شێوازێكی زۆر جوان دایڕشتوە بۆ بەندەكانی كە دەبێت هەركەس خێزانی دووەم یان سێ هەم یان چوارەمی هێنا دەبێت یەكسان بێت لە دابەش كردنی ماڵ و كات و دیاری كردنی پێداویستی یەكانیان بە بێ جیاوازی وە ك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە پیاوێك كە نا دادگەرە بەرامبەر بە یەكێک لە دوو خێزانەكەی لە ڕۆژی دوایی دا خوای گەورە چی هەڕەشەیەكی لێدەكات وەك لەم فەرموودەدا دەردەكەوێت كەدەفەرمووێت:((من كانت له امرأتان فمال إلى أحداهما جاء يوم القيامة وشقه مائل))(1).

واتە: هەركەس دووژنی هەبێت و مەیلی بەلای یەكێكیانەوە زۆرتر بێت،ڕۆژی دوایی كەدێت لایەك لەشانەكانی خوارە.

بۆئەوەی زیاتر شارەزایمان هەبێت لە بواری دادگەری لەنێوان خێزانەكاندا پێویستە ئەم ڕونكردنەوە شەرعی یە ڕەچاو بكرێت وە پێش ئەوەی حیكمەتی فرەژنی باس بكرێت دەبێت سەرەتا باسی دادگەری بكەین لە پاشان دا باسی حیكمەتی فرەژنی دەكەین إن شاألله.

### واجبێتی دادگەری لەنێوان ژناندا:

خوای گەورە بەرە وای داناوە هێنانی چەند ژن وە لە چواردا وەستاندوویەتی،وە بەواجبی داناوە دادگەری لە نێوانیان دا بێ جیاوازی لەخواردن و جێگاو پۆشاك و شەومانەوە لەلایان،وەلەهەموو شتێكی مادی دا بێ جیاوازی كردن لەنێوان ئافرەتی دەوڵەمەندو فەقیردا،وەلەنێوان پایە بەرزو نزما.جا ئەگەر پیاوەكە ترسی ستەم كردن و جێ بەجێ نەكردنی مافەكانیانی هەبوو،ئەوە حەرامە لەسەری بەسەر یەكەوە ئەوەندەی ژن هەبێت،وە ئەگەر توانی مافی سیانیان جێ بەجێ بكات وە بۆ چوارەم نەیتوانی ئەوە حەرامە چوارەم بهێنێ،وەئەگەر توانی مافی دووانیان جێ بەجێ بكات وە بۆ سێ یەم نەیتوانی ئەوا حەرامە سێ یەم بهێنێ،وە هەروەها ئەگەر توانی حەقی ژنێك بەجێ بهێنێ وە بۆ دووەم نەیتوانی ئەوا حەرامە لەسەری دووەم بهێنێ،بەپێی فەرموودەی خوای گەورە كەدەفەرمووێت:﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا﴾ [النساء/٣]واتە: خۆ ئەگەر ترسان كە بە دادگەرانە نەتوانن ڕەفتار لەگەڵ كیژە هەتیوەكاندا بكەن ، ئەگەر مارەیان بكەن دەسا ئەو ژنانە مارە بكەن پێتان دەشێن، دوان دوان ، سیان

(١) رواه أحمد(347/2)وأبوداود(2133)والترمذي(1141)والنسائي(63/7)وإبن ماجة(1969).

سیان، چوار چوار، واتە: هەریەكێكتان دەتوانن هەتا چوار ژن مارە بكەن، بەمەرجی عەدالەت و توانایی ژیاندنیان، بۆیە دەفەرموێ:خۆ ئەگەر ترسان نەتوانن بەدادگەرانە وەكو یەك تەماشای ژنەكانتان بكەن، دەبێ تەنها ژنێك مارە بكەن وەیان هەر بەو كەنیزانە دەستتان كەوتوون و بوونەتە موڵكتان قەناعەت بكەن ئابەوشێوە نزیكترە كە غەدرو ستەم لە ژنان نەكەن. پێشەوا موسلیم دەڵێت: (عوروەی كوڕی زوبەیر) مانای ئایەتی ( وإن خفتـم ..)ی لە خاتوو عایشەی پووری پرسیی و ئەویش گوتی: خوشكەزاكەم! لەسەردەمی جاهیلییەتدا كچۆڵەی هەتیوو بێ باب دەكەوتە لای كەسێك كە سەرپەرشتیاری بكا، هەتا گەورە دەبوو، ئەوجا هەرچی هەبوو تێكەڵی ماڵەكەی خۆی دەكرد، پاشان لە بەرماڵەكەی حەزی لێدەكردو، دەیویست بەمارەیەكی كەمتر لە ژنانی تر مارەی بكاو بەشووی بدات، جا بۆ راستكردنەوەی ئەو هەڵەیەو، لابردنی ئەوستەمە لەژنان، خوا رێی لێگرتن و فەرمووی: یا ئەوەیە كەمارەیی شیاوی خۆیانیان بدەنێ، ئەوسا مارەیان بكەن، وەیان بچن ژنانی تر مارەبكەن. بەڵێ.. گومان نییە كە لەپێش دینی ئیسلامدا، بێ یاساو دیاریكردنی هیچ جۆرە سنوورێك ژنانێكی زۆریان مارە دەكرد و تێكەڵ دەبوون لەگەڵیاندا، تەنانەتی تا سەد ژنیان حەڵاڵكردبوو بۆخۆیان، بەڵام كاتێ كەئیسلام هات زۆر بە وردبینانە سنوورێكی بۆ ئەوكارە دیاریكردو لای سەرووی بەچوار ژن دانا. ئەویش لەگەڵ پێش چاو گرتنی چەند مەرجێك، لەوانە:

یەكەم: نابێ زیاد لە چوار ژن مارە بكرێت.

دووەم: نابێ مافی هیچكامێكیان پێشێل بكرێ.

سێیەم: دەبێ ئەو پیاوە وەك خەڵكانی هاوشانی خۆی بتوانێ بیانژێنێ و دارا بێ و، لە هەموو رویەكەوە تێریان بكات.

جا هەر لەم سۆنگەیەوە زاناكان بەكۆی دەنگ بڕیاریان داوە كە: هەركەسێك خۆی دڵنیابێت كەناتوانێ دادگەر بێت لەگەڵ ژنەكەیدا، بۆ ئەو حەرام و یاساغە تەنها ژنێكیش مارە بكات, ئیتر چ جای دوان یان سییان، یان چوار. دیارە ئەم بوون و نەبوون و دادگەریی لای مێرد ، مەسەلەیەكە و پەیوەندی بەئایین و دینەوەیە، واتە: هەر تەنها ئایین بۆی هەیە بڕیاری تێدا بدا، نەك داوەرو دادگا، چونكە ئەو بڕیارە شتێكی نهێنی و دەروونیە، هەر مەگەر تەنها ئایین چارەسەری بكات، دیسانەوە نەفەقەو كەل و پەلیش شتێكی رێژەییە، كەسێك بۆكەسێكی تر جیاوازەو هەواڵەی دەسەڵات و توانای ئەوكەسە خۆی دەكرێ، بۆیە لەقیامەتیشدا هەركەسە بە پێی خۆی بەرپرسی ئەوكارە دەبێ و پرسیاری لێدەكرێت: ئاخۆ وەك پێویست خزمەتی هاوسەرەكەی خۆی كردووە، یان نا؟ لەولایشەوە ستەم و ناهەقیی و

چرووكی پەیوەندییان بەئایینده و داهاتووەوە هەیەو، زۆرێكی زۆرینەی خەڵك پاشمارەكردن ئەنجامیان دەردەكەوێت ، شەریعەتیش لەسەر ئەگەرو ئیحتیمال كاروباری پاشەرۆژ بڕیار نادات. چونكە لەوانەیە كەسێك ئێستا دادگەر نەبێ، وەیان ئیمكانیەتی ماددی نەبێت، بەڵام دەگونجێ پاش رۆژێكی دیكە، پێچەوانەی ئەوە بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا دینی ئیسلام بریاری داوە: كە ئەگەر كەسێك ستەم لەژنەكەی بكات، وەیان لەگەڵیا دەست گوشراوو چرووك بێت، ئەوە لەحاڵەتی ئاوادا، ژنەكە مافی جیابوونەوەی بۆهەیە، خۆئەگەر ژنێك بەئارەزوو پێخۆشبوونی خۆی مێرد بەوجۆرە كەسانە بكا، رێی لێناگیردرێ و، عەقدەكەشی دادەمەزرێ، هەربۆیە مامۆستا ئەحمەدی كاكە مەحموود دەفەرمووێت:من پێم وایە ئەوكەسانەی كە نەنان و ئاویان هەیەو، نەمەسكەن، وە نە بیانوویەكی شەرعیی، سەرەرای ئەمانەش مناڵەكانیشیان رەش و رووت و كونە گورگێكیشی نییە، تێیدا دانیشن، كەچی هێشتا دەچن ژنی دووەم، یان سێیەم، یان چوارەم مارە دەكەن، ئەوە پێویستە هەرگیز رێ بەوجۆرە نیكاحانە نەدرێت، واتە: فرەژنیی "وەكو لە دەقەكانەوە وەردەگیرێت " دەبێ بۆكاتی زەرورەت و ناچاریی و پێویست بەكار بهێنرێت، بۆنمونە: ئەوانەی وا مناڵیان نابێت، ئەوانە كە ژنەكانیان نەخۆشن و بە كەڵكی تێكەڵی ژن و مێردی نایەن، وە یان تووشی (برودەی جنسی) بوون و كەمتر خۆیان دەدەن بەدەستەوەو ئارەزووی جنسی پیاوەكەیان تێر ناكەن.. ئەوانە بە قەناعەتی من رێیان پێ بدرێ و یارمەتیش بدرێن بۆ ئەنجامدانی كارەكەیان، دیارە ئەمیش لەگەڵ پێش چاوگرتنی (عەدل) و (ئینفاق)دا، بەڵام ئەوانەی بیانوویەكی شەرعییان نییەو، دەچن سواری داخوازیی و ئارەزووی خۆیان دەبن و، لەهەمانكاتیشدا فەقیرو هەژارن و ئەوژنانەش دەسخەرە دەكەن، ئەوە لەحاڵەتی ئاوادا دەبێ رێیان لێبگیردرێ. بەتایبەت پاش دەركەوتنی ئەوهەموو گیروگرفت و كێشانە كەئەمرۆ لە فرەژنییەوە روو دەدەن.

هەزار رەحمەت لەبەرێزان (موحەممەد عەبدە) و (سەید قوتب) كە بەلایانەوە فرەژنی بۆئەو هەلومەرجانەیە لەسەرەوە باسكران، بۆیە سەبارەت بە فرەژنی دەڵێن: ( حالة ضرورية، ولغلبة سوء معاملة الرجال لزوجاتهم عند التعدد، وحرمانهن من حقوقهن في النفقة والراحة، وانتشار الفساد و العداوة بين أولاد الضرائر.. لهذا كله يجوز للحاكم الإسلامي أو لصاحب الدين، أن يمنع تعدد الزوجات صيانة للبيوت عن الفساد ) بەڵێ.. دەتوانرێ ئەم راوبۆچوونە بۆهەندێ كات، وە یان بۆ هەندێ كەس بەتایبەت كاری پێ بكرێ و، رێیان پێنەدرێ پتر لەژنێك مارە بكەن.

(سەید قوتب) دەفەرموویێت: فرەژنی مۆڵەتێكە بۆ دەسەبەركردنی ئەوسپاردە گەورەیە، بەڵام دەبێ لەوەخت و دەرفەتی خۆیدا بێت، هەروەك تەڵاق شتێكی زەروورییی وناچارییە. (1).
وە لە ئەبی هورەیرەوە ﷺ هاتووە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:(( من كانت له امرأتان فمال إلى أحداهما جاء يوم القيامة وشقه مائل))(2).
واتە: هەركەس دووژنی هەبێت و مەیلی بەلای یەكێكیانەوە زۆرتر بێت،ڕۆژی دوایی كەدێت لایەك لەشانەكانی خوارە.
وە هیچ بەرەنگاریەك نی یە لە نێوان ئەو دادەی پێویستی كردووە لەم ئایەتەداو ئەوەی كەنەفی كردووە لە ئایەتێكی تردا لەسورەتی(النساء)دا كە ئەفەرمووێ:﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ وَإِنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ [١٢٩/النساء] واتە: هەر چەن بكۆشن ناتوانن لەگەڵ ژنانتاندا (بێ جیاوازی) رەفتار بكەن ،دڵنیاشبن هەرگیز ناتوانن هەرچەند هەوڵیش بدەن كە بە یەكسانی و بێ جیاوازی لەگەڵ ژنانی خۆتاندا رەفتار بكەن. زانایان دەڵێن: مەبەست بەم ( عەدالەت )ـە لەم ئایەتەدا كە جێبەجێ نابێ لەنێوان ژن و مێردا تەنها خۆشەویستی دڵ و دەروونیە، چونكە دەگونجێ پیاو یەكێ لەهاوسەرەكانی لا خۆشەویست تر بێ لەدڵدا، دیارە ئەوەیش هیچ گوناهێكی تێدا نییە بەومەرجە كاری پێنەكا جا كەوابوو ئەوەندە دووریان مەخەنەوە لەخۆتان، هەتا بیانكەنە هەڵپەسارده و داماو بن، واتە: نە تەڵاق درابێت تا بچێت بۆ خۆی شوو بكات، نەوەك مێرداریش بێت مافی خۆی وەرگرێت ئەگەر لەگەڵیان پێك بێن و لەگوناح خۆ بپارێزن و لەخوار بوونەوە لەبڕیارەكانی خوا بەرامبەریان پارێز بكەن، ئەوا بەڕاستی خوا لێبوردەو بەڕەحمەو میهرەبانە.(3).
جا بۆیە دە بینین ئەو دادپەروەری یەی داواكراوە ئەو دادپەروەری یە ڕواڵەتی یەیە كە ئادەمیزاد بەسەریا توانای هەیە،وە ئەو دادپەروەری یە نی یە كەلە خۆشەویستی و سۆزدا بكرێ،چونكە ئەم جۆرە یان كەس ناتوانێ بەجێی بهێنێ،بەڵكو ئەو دادپەروەری یەی كەداوا نەكراوە ئەوە یە كە لە خۆشەویستی و میهرەبانی و چونە لادا بكرێت.
محمدی كوڕی سیرین فەرموویەتی:پرسیارم لە (عبیده)كرد دەربارەی ئەو ئایەتە فەرمووی: ئەوە خۆشەویستی و سۆزو جیماعە(كە ناتوانرێ عەدالەتی تێدا بكرێت).

---

(1) تەفسیری ڕامان.نوسینی ئەحمەد كاكەمەحموود.
(2) رواه أحمد(347/2)وأبوداود(2133)والترمذي(1141)والنسائي(63/7)وابن ماجة(1969).
(3) تەفسیری ڕامان.نوسینی ئەحمەد كاكەمەحموود.

ئەبو بەكری كوڕی عەرەبی ووتوویەتی: ڕاست دەكات چونكە كەس دەسەڵاتی بەسەری دا نی یە چونكە دڵی مرۆڤ لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەكانی خوای گەورەدایە چۆن ئارەزوو بكات وەها ئە ی چەرخێنێ، وە هەروەها جیماع ڕێ ئەكەوێت ئەوەندەی بۆ یەكێكیان گورج و گۆڵە بۆ ئەوی تریان وەها نابێت، جا ئەگەر ئەوانە بەقەستی نەبێت ئەوە تاوان نی یە لەسەری،چونكە لەو شتانەیە كە دەسەڵاتی بەسەریانا نی یە،كەواتە تەكلیفی شەرعی پێوە نابەسترێ، هەربۆیە دایكە عائیشە ﵂ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ شەوەكانی بەش ئەكرد لە نێوان خێزانەكانی دا بە عەدالەت،ئەی فەرموو:((اللهم هذا قسمي فيما أملك،فلا تلمني فيما تملك ولا أملك))(1).

واتە:خوایە ئەمە بەش كردنی منە لەو شتەدا كە توانام بەسەریەوە هەیە،جا ئیتر لەوەدا كە هی تۆیەو من توانام بەسەریەوە نی یە لێم مەگرە، ئەبوداود دەفەرمووێت: مەبەست بەوەی كە موڵكی ئەو نی یەدڵە.

خەطابی ووتویەتی: ئەوە بەڵگەیە لەسەر جەخت كردنەوەی پێویستی بەش كردن لە نێوان هەوێ ئازادەكاندا ، بەڵام كەراهەتەكە لەوەدایە بەلای یەكێكیاندا زۆر مەیل بكرێت،مەیلی تێكەڵاوی كە مافی تێدا زەوت بكرێ، نەك مەیلی دڵ،چونكە دڵ كەس خاوەنی نی یە.

پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەكسانی ئەچووە لای خێزانەكانی و ئەیفەرموو:خوایە ئەمە بەش كردنی منە...هتد، وەلەم بارەیەوە بوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە كە دەفەرمووێ:﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ وَإِنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ [١٢٩/النساء] واتە: هەر چەن بكۆشن ناتوانن لەگەڵ ژنانتاندا (بێ جیاوازی) رەفتار بكەن ،دڵنیاشبن هەرگیز ناتوانن هەرچەند هەوڵیش بدەن كە بە یەكسانی و بێ جیاوازی لەگەڵ ژنانی خۆتاندا رەفتار بكەن. زانایان دەڵێن: مەبەست بەم ( عەدالەت )ـە لەم ئایەتەدا كە جێبەجێ نابێ لەنێوان ژن و مێردا تەنها خۆشەویستی دڵ و دەروونیە، چونكە دەگونجێ پیاو یەكێ لەهاوسەرەكانی لا خۆشەویست تر بێ لەدڵدا، دیارە ئەوەیش هیچ گوناهێكی تێدا نییە بەومەرجە كاری پێنەكا جا كەوابوو ئەوەندە دووریان مەخەنەوە لەخۆتان، هەتا بیانكەنە هەڵپەسارده و داماو بن، واتە: نە تەڵاق درابێت تا بچێت بۆ خۆی شوو بكات، نەوەك مێرداریش بێت مافی خۆی وەرگرێت ئەگەر

---

(1) رواه أبوداود(2134) والترمذي(1140)والنسائي(64/7)و إبن ماجة(1971).

لەگەڵیان پێك بێن و لەگوناح خۆ بپارێزن و لەخوار بوونەوە لەبڕیارەكانی خوا بەرامبەریان پارێز بكەن، ئەوا بەڕاستی خوا لێبوردەو بەڕەحمەو میهرەبانە. (1).

وە ئەگەر پیاو چووە سەفەر ئەتوانێ هەر كامیان پێی خۆش بوو لەگەڵ خۆیدا ببات،بەڵام ئەگەر تیرو پشك (قورعە) بكات لە نێوانیان دا ئەوە چاكترە.

وە بۆ ئەو ژنە هەیە كە پشكەكەی بۆ دەرچووە لەمافی خۆی واز بهێنێ بۆ یەكێكی تریان، چونكە ئەوە مافی تەواوی خۆیەتی و بۆی هەیە ببەخشێ بە یەكێكی تریان.

هەربۆیە دایكە عائیشە ﷞ فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بچوایە بۆ سەفەر پشكی ئەخست لە نێوان خێزانەكانی دا بەر كامیان بكەوتایە ئەوە یانی ئەبرد لەگەڵ خۆی وە رۆژەكانی دابەش ئەكرد لە نێوانیاندا بە یەكسانی، بەڵام دایكە سەودەی كچی زەمعە ڕۆژەكەی خۆی بەخشی بوو بە دایكە عائیشە.(2).

ئەوەی كە تائێستا لەسەری دەڕۆین و بەردەوامین ئەو باس و خواسە گرنگەیە كەوا ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگییان پێداوە لە چەسپاندنی دادگەری لە نێوان چەند ژنێكدا كە پیاوێك هاوسەرایەتییان لە ئەستۆ دەگرێت تە نها ئەوە ماوە بڵێین ئەگەر بەرنامەی ئیسلام ڕێگە لە كەسێک بگرێت كە ژنێكی پێ بە خێو ناكرێت ئەی ئایا چۆن ڕێگە بە پیاوێك دەدات كەوا چەند ژنێكی هەبێت و بێ دادگەرانە لەگەڵیان هەڵس و كەوت بكات كەوا بوو دەبێت پیاوانی باوەڕدار هەركات ویستی لەسەر بوو كە خێزانی دووەم پێك بهێنێت دەبێت ڕەچاوی ئایەتەكانی قورئان و لە پاشان دا فەرمایشتە جوانەكانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ بكات و گوێ بیستی ئامۆژگاری پیاو چاكانی پێشین و زانایانی بەڕێزی ئیسلام بێت تاوەكو ژیانێكی بەختەوەر فەراهەم بهێنێت لەسەر بنچینەی خوا ویستی كە دونیاو دوارۆژ پێكەوە گرێ بدات بە پشتیوانی خوای گەورە وە لێرەوە خوشكانی بەڕێزم ئاگادار دەكەمەوە كەوا ئەگەر هەر پیاوێك ئەم خاڵانە جێ بەجێ بكات كە شەرع داوای لێدەكات ئەوا بێگومان توشی نادادگەری نابێت لە نێوان خێزانەكانیدا لەو نادادگەریانەی كە نەهی لێكراوە لە شەرعدا لێرە بەدواوە دەچینە سەر باسی حیكمەتی فرەژنی لە ئیسلامدا بزانین لەشەرع دا چۆن باس لە حیكمەتی فرە ژنی كراوە.

(1)تەفسیری ڕامان.نوسینی ئەحمەد كاكەمەحمود.
(2) رواه البخاري(2593)و(4141) مسلم(1463/47 و 56/2770).

## حیكمەتی هێنانی زیاتر لە یەک ژن:

ئاشكرایه كەوا فره ژنی چەندین حیكمەتی تایبەتی تێدایه بۆ تێك نەچونی شیرازەی كۆمەڵگاو زیاد بوونی ڕێژه ی مسوڵمانان لەسەر زەوی دا و شانازی كردنی پێغەمبەری ئیسلام (محمد) ﷺ به زۆری شوێنكەوتوانی و ئوممەتەكەی له چاو ئوممەتەكانی تر له ڕۆژی دوایی دا وه چەند خاڵێكی تر كه به پشتیوانی خوای گەوره یەك یەك دێینه سەری.

1. له ڕەحم و میهرەبانی خوایه بۆ ئادەمیزاد كه بۆی ڕەوا كردووه چەند ژن بهێنێ،وه كه له چواریش زیاتر نەبن بەیەكەوه.

جا بۆ پیاو دروسته كه لەیەك كاتدا له ژنێك زیاتری هەبێت به مەرجێ توانای نەفەقه كێشان و شەو مانەوەی هەبێت لایان ، وەك له پێشەوه باس كرا.

جا ئەگەر ترسا لەوەی ستەم بكات و ئەو مەرجانه به جێ نەهێنێ كه بەدوایدا دێت حەرامه لەسەری زیاتر لەیەك ژن بهێنێت،تەنانەت ئەگەر ترسا لەوەی كه مافی یەك ژنیشی بۆ نەدرێت ئەوه حەرامه لەسەری ژن بهێنێت، هەتا توانای ژن هێنانی تێدا دروست دەبێت.

وه ئەو چەند ژن هێنانه نه سوننەته و نه واجبه، بەڵكو شتێكه ئیسلام ڕەوای كردووه، چونكه جاری وا هەیه بۆ ئاوەدان كردنەوەو چاك كردنی باری ژیان و كۆمەڵه ، هێنانی زیاتر له ژنێك وەك زەروره تێكی لێ دێت ، وه جوان نی یه له لایەن یاسا دانەرەوه ئەو شته پشتگوێ بخرێ و چاوی لێ بنوقێنرێ.

2. چونكه ئیسلام خاوەنی نامەیەكی مرۆڤایەتی بەرزه سپێردراوه به مسوڵمانان كه ئەو نامەیه ڕاپەڕێنن و هەڵسن به گەیاندنی.

وه ئەوان ناتوانن هەڵسن به ڕاپەڕاندنی ئەو نامەیه هەتا دەوڵەتێكی بەهێزیان نەبێت و هەموو ڕاگرێكی ئەو دەوڵەته ئامادە نەكرابێ لەسەربازو زانستی و پیشەسازی و كشتوكاڵ و بازرگانی، وه بێجگه لەوانه لەو شتانەی كه بوونی دەوڵەتی لەسەر ئەوەستێ كه له هەموو لایەكەوه لێی بترسن و فەرمانی بڕواو دەسەڵاتی به هێز بێت.

وه ئەوەش تەواو نابێت به زۆری ئەندام نەبێت،بەشێوەیەك كه له هەموو بوارەكانی چالاكی مرۆڤی دا ژمارە یەكی زۆر هەبێت بۆ كاركردن، لەبەر ئەوه یه ووتراوه(إنما العزة للتكاثر) واته: هێزو گەورەیی بۆ زۆره.

وه ڕێگاش بۆ ئەو زۆر بوونه زوو ژن هێنانه له لایەكەوه، وه هێنانی چەند ژنه له لایەكی ترەوه، وه دەوڵەته تازەكانی ئەم سەردەمه ئێستا هەستی یان به به نرخی ئەو ژمارە زۆری

یە کردووە ، وە کاریگەری ئەو زۆری یە لەسەر بەرهەم هێنان و شەڕو شۆڕو فراوان کردنی دەسەڵات ، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان کە ژمارەی دانیشتوان زۆر بکەن(1).
بەهۆی هاندانی خەڵك بۆ ژن هێنان و دانانی پاداشت بۆ ئەو هاوڵاتی یانەی کە ئەندامانی خێزانەکەیان زۆر ئەکەن، تاوەکو هێزو بەرگری بۆ دەوڵەتە کەیان دابین بکەن(2).
گەڕۆکی ئەڵمانی (پۆل اشمید)هەستی بەو زۆری نەوەیە کردووە لای مسوڵمانان ، وە ئەوەی بە هۆیەك لە هۆیەکانی هێزو دەسەڵاتیان داناوە لەبەر ئەوە لە کتێبی (الإسلام قوة الغد) دا کە ساڵی (1936)دەرکەوتووە دەڵێت: پایەکانی هێزو توانا لە ڕۆژ هەڵاتی ئیسلامی دا لە سێ ستدا کۆدەبێتەوە:
یەکەم: لە هێزی ئیسلام دا، وەك ئاین ، وە لە بیرو باوەڕ بەو ئاینە، وە لە ڕەوشتە بەرزە کانیدا، وە لە برایەتی و یەکیەتی نێوان ڕەگەزە جیا جیا کان لە رەنگ و ڕۆشنبیری دا.
دووەم: وە لە زۆری سەرچاوەکانی سامانی سروشتی لە پارچە زەوی ڕۆژ هەڵاتی ئیسلامی دا کە لە ئۆقیانوسی ئەطلە سی یەوە درێژ ئەبیتەوە بەسەر سنوری مەراکیش(مەغریب)دا لە ڕۆ ئاواوە هەتا ئۆقیانوسی ئارام لەسەر سنوری ئەندەنوسیا لە ڕۆژ هەڵاتەوە.
وە بوونی ئەم سەرچاوە زۆرانە ئەبنە هۆی دروست کرنی بارێکی ئابوری ساغ و بە هێز کە بەشی خۆیان ئەکات و نایەڵێ مسوڵمانان هەرگیز پێویستییان هەبێت بە ڕۆژئاوا، بە مەرجێ خۆیان یەك بن و هاوکاری یەکتر بکەن.
(جا بۆیە دەبینین ئەم نوسەرە ئەڵمانی یە لە ساڵەکانی 1936دا دەرکی بە هێزو توانا و سەروەت و سامانی لە بن نە هاتوی ئوممەتی ئیسلام کردوە وە دڵنیاش بووە لەوەی کە ئەگەر دووبەرەکی نەخرێتە نێوانییان هەرگیزاو هەرگیز ڕۆژئاوا ناتوانێت زاڵ بێت بەسەریان داو بە ئاسانی سەروەت و سامانییان بۆ خۆی بەرێت وە ك ئەوەی ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەیبینین بە ڵام بە داخەوە بۆ ئێمەی مسوڵمان کە ئاوها هێزی یەك پارچەییمان بچڕیوە و دوور کەوتوینەتەوە لە ئاینی یەکخواپەرستی و ئەوان هەمو جوانی یەکانی ئێمەیان بردوو

---

(1) (هەر بۆیە دەبینین ئێستا پاپای ڤاتیکان هاواری لێ هەڵساوە داوا دەکات کە مەسیحی یەکانی ئەوروپا ئەو لاستیکە بەکار نە هێنن کە لە کاتی رابواردن دا نایەڵێت تۆوی پیاو بگاتە هێلکۆکەی ئافرەت چونکە بە بڕوای ئەو تا چەند ساڵێکی تر ڕێژەی مسوڵمانان زۆر زیاتر دەبێت لە جیهانی ڕۆژ ئاوادا و زاڵ دەبێت بەسەر جیهانی مەسیحییەت دا). ئامادەکاری نامیلکەکە.

(2) ئەم بڕیارە لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپادا جێ بەجێ دەکرێت و تەنانەت مووچە بۆ ئەو دایك و باوکانە دەبڕێتەوە کە لە ماڵەوە منداڵەکانی خۆیان گەورە دەکەن و ژیانی ڕۆژانەشیان بۆ دەستەبەر دەکرێت). ئامادەکاری نامیلکەکە.

خراپەکانی خۆیان بە دیاری بۆ جێ هێڵاین کە دەبینین تەنهاو تەنها خۆمانی پێ زەرەر مەند بوین ئەگەر چی ڕێژەشمان زیاتر بێت بەڵام وەك ئاشکرایە کە بەردەوام لەخزمەت ئەو کەمینەدا دەبین کە ڕۆژ ئاوا سەرپەرشتی دەکات و کە زۆر بەداخەوە تازە بە تازە هەندێك لەنوسەری ئیفلاس و فکر دۆڕاو و عاشق بە جوانی یە دەرەکی یەکانی ڕۆژ ئاوا باسی جوانی و پێشکەوتنە پیشە سازی یەکانی ڕۆژ ئاوا دەکەن کە لە کاتێکدا لە ناوەڕۆکدا بە تەواوی ڕوخاون وخێزان و کۆمەڵگەیان تەنها لەسەر ژیانی مادده ماونەتەوە) (1).

سێ یەم: وە لە کۆتایی دا ئاماژە بۆ هۆکاری سێ یەم کردووە کە ئەویش: زۆری نەوەی بەشەری یە لە لای مسوڵمانان ، کە وایان لێ ئەکات توانای ژمارە ییان هەمیشە هەر لە زۆر بووندا بێت.

لە پاشان ووتوویەتی :جا ئەگەر ئەو سێ هێزە کۆببێتەوەو مسوڵمانان یەکیان گرت لەسەر بیرو باوەڕو یەکتا پەرستی، وە ئەو سامانە سروشتی یە پێویستی یەکانی ژمارە زۆرەکەیانی دابین کرد ، ئەو کاتە خەتەری ئیسلامی هەڕەشەیەك دەبێت کە هەواڵی لەناوبردنی ئەوروپا دەدات بە گوێی دوونیادا، وە هەواڵ ئەدات بەدەسەڵات و سەروەری جیهانی لەناوچەیەکدا کەمەرکەزی هەموو جیهانە.

وە ئەو(پول ئەشمید)ە پاش ئەوەی ئەو سێ هۆیەی ڕوون کردەوە لە ڕێگای سەرژمێری ڕەسمی یەوە، وە لە ڕێگای ئەوەی کە ئەیزانی دەربارەی بنەڕەتی بیرو باوەڕی ئیسلامی وەك ئەدرەوشێتەوە لە مێژووی مسوڵمانان داو مێژووی پەیوەندیان و پێشڕەوی کردنیان بۆ بەرپەرچ دانەوەی ستەم و تەجاوز بۆ سەریان ،پێشنیازی ئەوە ئەکات: کە ڕۆژ ئاوای مەسیح یەك بگرن و هاوکاری بکەن بەگەل و دەوڵەتەوە تاوەکو جەنگی خاچ پەرستی بگێڕنەوە بەشێوەیەکی تر کە بۆ ئەم سەردەمە بلوێ، بەڵام بەشێوەیەکی کاریگەرترو چاکتر.تەواو بوو خاڵەکانی(پول ئەشمید).

سەیری ئەم جیاوازی یە بکەن لە نێوان نوسەری ڕۆژ ئاوایی کە چۆن لە خەمی دینەکەیدایەو خەتەری ئیسلام باس لێوە دەکات بۆسەر جیهانی مەسیحیەت ئەگەر ئەو ڕێگانە نەگرنە بەر کە ئەو باسیان لێوە دەکات ئەوا جیهانی مەسیحییەت بەرەوە کۆتایی دەڕوات چارەسەری ئەم خەتەرەش دیاری دەکات بە جەنگ کردن و هاندانی تاکی ڕۆژ ئاوایی لەسەر دژایەتی بیرو باوەڕی مسوڵمانان، وەبەڵام بە پێچەوانەوە زۆرێک لە نوسەری وڵاتانی مسوڵمانان کە خاوە نی ئەو بیرو باوەڕە بە هێزەن کە(پول ئەشمید)لێی ترساوە

---

(1) ئامادەکاری ناميلکەکە.

دینەكەی خۆیان واز لێ دێنن و دێن نوسینەكانی ڕۆژ ئاوا وەردەگێڕنە سەر زووبانی ڕەسەنی كووردی لە كاتێكدا زۆرێک لەو نوسینانە بووە تە هۆی داڕوخانی ڕەوشتی كۆمەڵگای كووردە واری گەنجەكانمان فریو دەدرێن بەتایبەتی چینی ئافرەتان زیاتر زەرەر مەند دەبن لەم نێوە ندە دا كە ئافرەتی وا هەیە خۆی رازی یە شوو بكات بە پیاوێك كە خاوەنی خێزانێكی تریشە بەڵام ئەم بە ناو ڕێكخراوی داكۆكیكار لە مافەكانی ئافرەت ڕێگرییان دەكەن و دەیان پرۆژە یاسا پێش كەشی پەرلەمان دەكەن تاوەكو ببێتە یاساو لە مەحكەمەكاندا كاریان پێ بكرێت وەك ئەوەی كە ئێستا دەیبینین لە وولاتی خۆمان دا كە چۆن ژوورەكانی مارە برین تەنها ژوورێكەو ژوورەكانی طەلاقیش دوو ژوورن لە مەحكەمەكانداو وە بەردەوام ڕێژەی تەلاق زۆر زیاترە لە ڕێژەكانی مارە كردن، ئەمە بێ لەو هەموو ئافرەتە كچانەی كە داواكاریان نی یەو ئێستا چونەتە ئاستی(قەیرە) یی و كەس نی یە بچێتە داوایان لە كاتێكدا زۆرێک لەوانە بۆ خۆی پێی خۆشە شوو بكات بە پیاوێك كە خێزانێك یان زیاتریشی هەیە بەڵام وەك دە بینین یاسایەك كە سەرەتاكەی دژ بە قورئان و سوننەت بێت ولە پەرلەمانێكی كوفریشدا بەزۆرینەی دەنگ پەسەند بكرێت بووەتە ڕێگر لە گرێ بەستی هاوسەری لە نێو خێزانەكان دا تە نانەت ئەوەندە خەتەرێكی گەورەی دروست كردووە گەنجەكانیش لە ترسان دا ناوێرن ژیانی هاوسەری پێك بهێنن چونكە دە ڵێن:ئەگەر خێزان بێنین و سبەی حوكمەت ببێتە ڕێگر لە خێزانی دووەم ئەوا وا باشترە چەند دۆستێكم هەبێت و خۆم گیرۆدە نەكەم بە تەنها ژنێكەوە خوا پەنامان بدات كە ئاشكرایە ئەم بیرو بۆچوونە هەمان بیرو بۆچوونی تاكی ڕۆژ ئاوایی یە بە بێ چەند و چوون.

3. وە ئەو دەوڵەتەی خاوەن نامەیەكی مرۆڤایەتی بێت زۆرتر تووسی گێرەو كێشەی جیهاد دەبێت و ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی كۆمەڵگەی لەدەست دەچێت، كە پێویستە ئاگاداری خێزانی ئەوانە بكرێت كە شەهید بوون، وە هیچ ڕێگایەكیش نی یە بۆ چاودێری كردنیان لەوە چاكتر بێت كە بە شوو بدرێن، وە مەجالی تر نی یە جێی ئەو لەدەست چووانە بگرێتەوە زۆری نەوە نەبێت، وە هێنانی چەند ژنیش لە هۆیەكانی ئەو زۆری یە یە.

بەڵام ئەمرۆ لە جیاتی بە خەمەوە چوونی خێزانی شەهیدان وئافرەتانی بێوە ژن بەڵكو دەكرێنە ئامێرێكی گەڕۆك و زۆرێك لەوانە لەبەردەستی پیاوە شەڕواڵ پیسەكاندا هەر شەوەو لە باوەشی بەرپرسێكی طاغوت دا ژیان بەسەر دەبەن لە پێناوی دابین كردنی بژێوی ئەو هەتیوانەی كە باوكیان نەماوە و بەحساب لە پێناوی ڕزگاركردنی میللەتەكەیدا

شەهید بووە! وە هەندێکی دیکەشیان لە ناچاریدا دەبێت هانا بۆ ئەم دەست و ئەو دەست بەرێت یان دەبنە فەراشی قوتابخانەیەك یان دکتۆرێك یان...هتد.
ئایا رێگە بۆ ئەم خێزانانە ئاسان بکرێت کە لە ژێر سایەی پیاوێکی باوەرداردا بحەسێنەوە و منداڵەکانییان لە سۆزی باوکایەتی بێبەش نەبن یان ئاوەهایان بەسەر بێت کە رۆژانە دەیان راپۆرتی دڵتەزێن لەسەر ئەو ئافرەتانە دەخوێننینەوە کە بێوە ژنن یاخود بوونەتە گەورە کچ (قەیرە)؟.

**4.** جاری وائەبێت ژمارەی ئافرەتەکانی گەلێك لە گەلان زۆرتر ئەبێت لە نێرینەکانی، وەك عادە تەن لە پاش جەنگەکان ئەوە روو دەدات،بەڵکو جاری وە ها ئەبێ کە ژمارەی مێ ینە لە زیاد بوندا دە بێت لەناو زۆر لە نەتەوەکاندا، هەتا لە کاتی ئاسایشیشدا،لەبەر ئەوەی زۆر لە پیاوان تووشییان ئەبێت بە کاری گران و ناخۆش کە ئەبێتە هۆکاری تەمەن کوورت کردنەوەی پیاوان زیاتر لە ژنان.

بۆ نمونە لەسەر ژمێریەك دا لەم ساڵانەی رابردوو ئەنجام درا لە وولاتی (تایلەند) سەبارەت بە رێژەی پیاو ئافرەتی ئەم وولاتە کە نە جەنگی تێدایە وە نە کووشتار،دوای سەرژمێری یەکە دەرکەوت کە لە67% ی تایلەند ئافرەتن ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆ رێژەی پیاوان تە نها لە33% یە ئەگەر هەر پیاوێك دوو ژنیش بێنێت دەبینین لە 1% ئافرەت دەمێنیتەوە ئەی چی بکەن باشە هەروا پرچی سپی بهۆننەوە یان بچنە ماڵی خۆیان و لە ژێر سێبەری پیاوێکدا بحەسێنەوە،ئەی لەو وولاتانەی کەبەردەوام جەنگ و کووشتاری تێدایە بۆ نموونە وەك: (عێراق، ئەفغانسان، فەلەصطین،شیشان،سۆماڵ،یەمەن،پاکستان ،،،)تا کۆتایی کە زۆربەی زۆریجەنگەکانیش لە بەرامبەر مسوڵمانانە زۆرترین قوربانیش چینی پیاوانن چونکە ئەمە پیشەی شەرە کە بەدرێژایی مێژوو پیاوان بەشدار بوون تییایدا،ئایا ئەگەر ئێستا بێت و سەرژمێری بکرێت لەم چەند وولاتەی کە ناوم هێناون ئەبێت چینی ئافرەت چەند بەرامبەری پیاو بێت بەس لە کچاندا نە ك بێوە ژن یان گەورە کچان،ئەی باشە ئەمانە شووبکەن بە سەر ژنی دیکەدا سەر بەهەویێ یان هەروا تاوەکو مردن هەر رۆژێك لەدە رگا درا لە جاوەروانی دا بڵێن ئۆخەی ئەوە ئەمجارەیان داواکاری من هات ئەمە بێ لەو هەمو سۆزو عەطفەی کەکاریگەری زۆریان هەیە لەسەر ئافرە ت چونکە ئافرەت داواکراوە هەرگیز خۆی ناچێتە داوای کورێک بەڵکو هەر داوادەکرێت ئەگەر بە نهێنیش پێی خۆش بێت شوبکات بە پیاوێک لەبەر شەرم و حەیای خۆی هەر بەشاراوە یی دەیهێڵێتەوە بۆیە کە دەبینێت هاورێ یەك لە هاورێکانی داواکاری هاتووە و شودەکات ئەوا ئەم خەفەت بارو دڵتەنگی رووی تێدەکات کە کەس نی یە بدات لە دەرگای ئەم.

هەر بۆیە ئەو ژمارە زۆری یەی ئافرەت هێنانی چەند ژن پێویست دەكات و ئەیسەپێنێ بۆ ئەوە ی ئەو ژمارە زیادەیە سەرپەرشتی بكرێت ە بپارێزرێت، چونكە ئەگەر واش نەكرێت، ئەوە ئەو ئافرەتانە ناچار دە بن كە لابدە ن و دەست بدەنە كاری نزم و پەست، وە بەوە كۆمەڵگا پیس دەبێت و ڕەوشتی نامێنێ،یان ئەوەتا ژیانیان بەرنە سەر بە ئازاری بێ ئومێدی و ناڕەحەتی بێ مێردی، وە لە ئەنجام دا ئاوەزیان لەدەست بدەن و سامانێكی زۆری توانای مرۆڤایەتی لە ناو بچێت كە ئەتوانرا ئەو سامانە ببێتە هۆی بە هێزبونی ئەم گەلە ، وە ببێتە گەنجینەیەك و بخرێتە پاڵ گەنجینەكانی تری.

بۆیە دەبینین هەندێك لەو دە وڵەتانەی كە ژمارە ی ئافرە تیان زۆرترە لە ژمارەی پیاوەكانیان ناچار بوون كە هێنانی چەند ژن بەڕە وا دابنێن ، چونكە لەوە بەو لاوە چارەیەكی چاكتر نادۆزیتەوە هەرچەندە پێچەوانەی باوەڕەكەی بێت و پێچەوانەی ئەوە بێت كە لەسەری راهاتووە.

دكتۆر(محمد یوسف موسی)ووتویەتی:لە بیرمە من و هەندێ لەبرادەرانی میسریم بانگ كراین ساڵی(1948)-كاتێ لە پاریس بووین-تا ئامادە بین لە كۆنگرەی لاوانی جیهانی دا شاری(میونیخ)ی ئەڵمانیا.

ئەوە بوو من و هاوڕێ یەكی میسریم بەشداریمان كرد لەو حەلقەیەی كە باسی زیاد بوونی ژمارەی ئافرەتانیان دەكرد لە ئەڵمانیا كە چەند جار ژمارەیان لە پیاوان زیاترە دوای جەنگ،وە داوای ئەوەیان دەكرد كە چارەسەرێكی باشی بۆ بدۆزرێتەوە، وەهەركەس چی ئەزانێ لەو بارەیەوە بیخاتە ڕوو.

جادوای ئەوەی هەموو چارەسەرەكان خرایە پێش چاوو هەموویان ڕەفز كران، من و هاوڕێكەم چارەسەرێكی سروشتیمان خستە پێش چاویان، ئەویش ڕێدان بێت بە هێنانی زیاتر لەیەك ژن.

لەسەرەتاوە ئەو ڕایە بەسەر سووڕمان و بێزاری یەوە وەرگیرا، بەڵام دوای ئەوەی لێكۆڵینەوەیەكی عادلانەو قوڵیان لەسەر كرد كۆڕبەستەكان هاتنە سەر ئەوەی كە هیچ چارەسەری تر نی یە، وە لە ئەنجامدا بوو بەیەكێ لەو ئامۆژگاریانەی كە كۆنگرەكە بڕیاری لەسەردا.

وە ئەوەی كە زۆر دڵی شاد كردم ئەوە بوو دوای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان ساڵی(1949)زانیم كە چەند رۆژنامەیەكی میسری بڵاوی كردبۆوە كە خەڵكی شاری(بۆن)پایتەختی ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوای پێشو داوای ئەوەیان كردبوو قانون ڕێ بدات كە زیاتر لە یەك ژن بهێندرێت.

5. پاشان تواناو ئامادەیی پیاو بۆ نەوە هێنان زیاترە لەتواناو ئامادەیی ئافرەت،چونکە ئافرەت توشی بێ نوێژی دێت مانگانە کە جاری واهەیە دەگاتە(10) ڕۆژ و زەیستانی و منداڵ بوونی هەیە کە جاری واهەیە دەگاتە(40) ڕۆژ ئامادەیی نی یە بۆ ئەو کارە، ئەمە بێجگە لە بارو دۆخی سك پڕی و شیردانیش.

وە توانای ئافرە ت بۆ منداڵ بوون کۆتایی دێت لە نێوان 45 ساڵی تا 50 ساڵی، بەڵام پیاو توانای منداڵ دروست بوونی هەیە تا دوای (60) ساڵیش، وە ئەبێ ئەم حاڵەتانە ڕەچاو بکرێن و چارەسەری گونجاویان بۆ دابنرێ.

جا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش ئەویش ئەوەیە ئەگە ژن لە حاڵەتەدا توانای بە جێهێنانی کاری ژن و مێردایەتی نەبێت ئەی ئایا پیاو چی بکات لەو ماوەیەدا لە کاتێکدا پیاو شەهوە تی لەدەرەوەیە واتە هەستی بزوێنی هەیە بە بینینیش کاریگەری لەسەر دروست دەکات بە پێچەوانەی ئافرەت کە چەند خۆڕاگرە؟

ئایا باشتر نی یە بۆی ئافرە تێکی تری حەڵاڵ بهێنێت کە لە داوێن پیسی و کاری خراپ بیپارێزێ، یا ئافرەتێك بکات بە دۆست  کە هیچ پەیوە ندیەك نە بێت لە نێوانیان دا جگە لە پەیوەندی ئاژەڵی!؟

ئەگەر سەیری ژیانی ڕۆژ ئاوایی یەکان بکەین ئێستا بەم دەردەوە دەناڵێنن کەوا پیاوانیان بەسەر ژنەکانیانەوە چەندین دۆستی ناشەرعی یان هەیەو چی ژنیان وە چی پیاویان بەردەوام لە دڵ پیسی و خەمۆکی و ناڕەحەتی دا ژیان بەسەر دەبەن زۆر نموونە هەن باسیان لێوە بکەین بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە تەنها نموونەیەك لەو ڕووداوانە باس دەکەین برایەك بۆی گێڕامەوە کەوا لە دوکانێکی کارەبایی ئیش دەکات لە وولاتی (یۆنان)ووتی: ڕۆژانە ئافرە تێکم دەبینی سەردانی دەکرد بۆ سەر ئیشەکەی پاش سەرەتا وەمزانی خێزانی یەتی پاش ماوەیەك ووتم پێی ئەم ئافرە تە چیتە؟لەوە لام دا ووتی: دۆستمە! منیش ووتم ئەی تۆ خاوەنی خێزان نیت؟ ووتی بەڵێ؟ ووتم: ئەی چۆن خیانەتی لێدەکەیت! لە وەڵامدا ووتی ئاخر خێزانم بە کەڵك نەماوە وە منیش ناتوانم خێزانی تر بهێنم مەجبوور ئاوەها ژیان بەرمە سەر وە ڕاش هاتوین لەسەر ئەو ژیانە! منیش ووتم: ئەی باشە ژنەکەت پێی نازانیت بەم کارە کەوا تۆ خیانەتی بەسەرەوە دەکەیت؟ ووتی: تا ئێستا نا، ووتم ئەی چۆن بەردەوام دەبیت لەسەر ئە کارە ڕۆژێك دێت کە کەشف بیت، ووتی: جارێ ترسم نی یە چونکە ئەویش وەك من ئیش دەکات لە جێگایەك مەساج بۆ پیاوان دەکات وە کاتەکانمان جیاوازە کاتێك من لە ماڵ دەبم ئەو لە ماڵ نی یە وە کاتێك ئەو لە ماڵ دەبێت من لەماڵ نیم بەم شێوەیە هەفتەی ڕۆژێك یەکتری دەبینین وە ئەو

كاتەش زیاتر لە خەودایین!؟جا هەركات یەكێكیان كەشف بو بێتن یان بە كووشتن یان بە جیابوونەوە كۆتایی بە كێشەكەیان هاتووە ئەم ڕووداوانەو دەیانی تریش ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە لە ڕۆژ ئاودا.
ئەمەی كە باسمان كرد ژیانی زۆرێك لە ڕۆژ ئاوایی یەكانە كەوا بەدەدی دوور لە دینی و ڕەقابەی خوایی یەوە دەناڵێنن، بۆیە ئێمەی مسوڵمان هێنانی چوار ژن بە ڕەوا دادە نێین و ئەگەر لە ژنێك زیاترمان هەبوو بەشانازی یەوە ئاشكرای دەكەین كەوا چەند خێزانمان هەیە، وە هەرگیز لە پشتەوە خیانەت لە هاوسەرە بەڕیزەكانمان ناكەین، بە شێوازێكی تر ناڵێین تەنها خێزانێكمان هەیەو لە پشتیشەوە لەگەڵ چەند ینی تردا كاری داوێن پیسی ئەنجام بدە ین پە نا بەخوا كە بەڕاستی داڕوخانی ڕەوشت لێرە وە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ تێبینی كردنی ئەوەی كە ئیسلام زینای حەرام كردووە بە توندترین شێوە، وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ [الإسراء/٣٢] واتە: لە زیناو شەرواڵ پیسی دوور بن:
وە بەهیچ شێوەیەك توخنی زیناو شەرواڵ پیسی و، ئەوانەیش پێشەكین بۆی ، وەك ماچ و موچ و قسەو.. مەكەون چونكە بەڕاستی زیناوداوێن پیسی تاوان و كردەوەیەكی زۆر خراپ و، ڕێگایەكی زۆر ناپەسندە.
هەر بۆیە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ لاوێكی تازە پێگەیشتوو لەپێغەمبەر ﷺ دەخوازێ مۆڵەتی زینای بدات! ئینجا خەڵكەكەی دەوروبەری پێیان ناخۆش بوو ویستیان دەمكوتی بكەن، پێغەمبەری خوا ﷺ هێوری كردنەوەو فەرمووی بە لاوەكە : ئاوەرە پێش، هاتە پێش و لای خۆی دایناو فەرمووی: ئەرێ حەز دەكەی خەڵكی لەگەڵ دایك و خۆشك و پورتا زینا بكات ؟ لاوەكە گوتی: نەخێر، باوك و دایم بە فیدات بن، فەرمووی، دەسا خەڵكیش حەزناكا تۆ لەگەڵ كەس وكاریا زینا بكەیت، پاشان دەستی پیرۆزی خستە سەرشانی و فەرمووی: خوایە ! لەم لاوە خۆشببە، دڵی لەگوناح پاكەوە بكە، عەورەتی لەكاری حەرام بپارێزە، ئیتر لاوەكە بڕاوبڕ بیری لەو شتانە نەكردەوە.
وە دەبینین خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا سزایەكی سەختی بۆ ئەنجام دەرانی ئەم كارە داناوە وەك دەفەرموێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [النور/٢] واتە: زینا كەرانی ئافرەت و پیاوان كە زەواجیان نەكردبێ هەریەك سەد قامچیان لێ بدەن:
ئینجا دێتە سەر باسی تاكە تاكەی یاساكان ، وەلە سنوورو حوكمی زیناكەرانەوە دەست پێ

ئەکات: ئەو کچ و کوڕەی زیناو شەرواڵ پیسیی ئەکەن، دەبێ لە هەریەکەیان سەد جەڵدە "شەلاق"ی لێ بدەن. ئەمە تۆڵەی هەر کەسێکە (نێر، یان مێ) پێشتر بە شێوەی شەرعیی جووت نەبووبێ (واتە: کچ و کوڕ) بن، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەیەك گەیشتبن "واتە ژیانی هاوسەرێتییان پێك هێنا بوو ببونە ژن و مێردی یەك لە نیکاحێکی سەحیحدا " وە ئازادو، ژیربن ، پێگەیشت و(باڵغ) بن، موسوڵمان بن، ئینجا زینا بکەن، ئەوە دەبێت بەردەباران بکرێن ونابێ بەزەیی و نەرم و نیانیی و سۆز بتانگرێ لەبەرامبەر هەریەك لەو دوانەوە لە ڕاپەراندنی حوکمی خوادا، واتە: لەکاتی جێ بە جێ کردنی بریاری خوادا، توندوتیژبن و بەزەییتان بە زیناکەراندا نەیەتەوە، بەو شێوەیە ژمارەی شەلاقەکان، یا بەردە بارانەکە، وەکو خۆی جێ بە جێ نەکەن ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە جا بۆ ئەوەی ئەو دوانە پتر ئێشیان پێ بگات و، خەڵکیش پەند وەرگرن، با کۆمەڵێ لە بڕواداران ئامادەی سزاکەیان ببن و ببینن "دیارە ئەو خەڵکە ئامادەبووە تازۆرتر بێت چاکترە، هەرچەندە بە ئامادەبوونی چوار کەسیش جێ بە جێ ئەبێ.

دیارە ئەم حوکمەش وەك زانایان باسیان لێوە کردووە لە دە وڵەتی ئیسلام دا جێ بەجێ دەکرێت بە مەرجانەی کە لەباسی زینادا هاتوون.

6.جاری وا ئەبێت ژنەکە نەزۆك ئەبێت و منداڵی نابێت یا نەخۆشی یەکی ئەبێت کە چاك بوونەوەی نابێت لەگەڵ ئەوە شدا حەزی لە بەردەوامی ژیانی ژن و مێردایەتی یە،وە پیاوەکەش حەز لە منداڵ ئەکات و لە ئافرەتێك بۆ کاروباریماڵەکەی.

جا ئایا خێر لەوەدایە کە ئەو پیاوە ڕازی بێت بەو واقیعە دەردناکەو ژیان لەگەڵ ئافرەتێکی نەزۆك دا یان ئەو نەخۆشەدا بەرێتە سەر بێ ئەوەی منداڵێکی هەبێت یا کەسێك هەبێت سەرپەرشتی کاروباری ئەو ماڵەی بۆ بکات، ئیتر ئەو پیاوە بە تەنیا هەڵگری ئەو هەموو زیانە بێت!؟یان خێر لەوەدایە کەلەو ئافرەتە جیا بێتەوە لە کاتێکا ئەو ئافرە تە پێی خۆسە بمێنێتەوە ، ئەویش بەو جیا بونەوەیە تووسی ئازاری بکات، چونکە ئەگەر ڕێگەی خێزانی دووەمی هەڵبژارد ئەوکات ئافرە تەکەش ماڵی لێ تێك ناچێت لە جیاتی لە ناوچوونی هەموو کاتەکانی پیاوەکەی کە لە ژێر سێبەری دا بحەسێتەوە نیوەی کاتەکانی هەر بۆ دەگەڕێتەوە.

یان خێر لەوە دایە کە ڕێکخستن بکات لە نێوان ئارەزووی خۆی و خێزانەکەی، بەو شێوەیە کە ئافرەتێکی تر بهێنێ و ئەویش هەر لای خۆی گل بداتەوە ، بەو کارەش بەرژەوەندی هەردووکیان بێتە جێ.

باوەڕمان وایە كە چارەسەری دوایی باشترین بێت و شیاو تر بێت بەوەرگرتن، وە هەر خاوەن ویژدانی زیندوو سۆزی ووشیار قەبوڵی دەكات و پێی رازی دەبێت، ئەگەر چیش بۆ ئافرەت ناڕەحەتە بەڵام بێگومان لەمەدا سوود مەند تر دەبێت تاوەكو ڕێگای جیابوونەوە هەڵبژێرێت.

7. وە هەندێ پیاو هەیە بە حوكمی سروشتی دەرونی و بەدەنی ئارەزوویەكی جنسی سەركێشی زۆری هەیە لەوانەیە بە ژنێك ئەو ئارەزووەی نەشكێنێ و تێری نەكات، بە تایبەتی لە هەندێك لە ناوچە گەرمەكاندا ، جا ئایا لە جیاتی ئەوەی دۆستێكی تر بگرێ و ئەخلاق و ڕەوشتی تێك بچێ، بۆی ڕەوا كراوە كە غەریزەكەی بە ڕێگایەكی تری حەڵاڵی شەرعی تێر بكات.

هەربۆیە دەبینین هەندێک لە ئافرەتان ئەم راستیەش دەزانن كە ناتوانێت حەقی پیاوەكەی بدات وە پیاوەكەی خۆشی چاك دەناسێت كە چەند ئارەزووی هەیە، بەڵام بەداخەوە دەبینین ڕێگری لێدەكات یان داوای جیابوونەوە دەكات لێی جا من دەپرسم لەو جۆرە ئافرەتانە ئایا رازیت بەوەی پیاوەكەت بە حەڵاڵی ئافرە تێكی تر بهێنێت یان بەوەی بەسەر تۆوە دۆست بگرێت وخیانەتت بكات؟.

8.ئەوانە هەندێك هۆكاری تایبەتی و گشتین كە ئیسلام ڕەچاوی كردون لەو بارەیەوە، وە ئیسلام یاسایەك دانانێ تەنها بۆ جیلێكی تایبەتی لەخەڵك، یان تەنها بۆ سەردەمێكی دیاری كراو، بەڵكو بۆ هەموو خەڵكی داناوە هەتا كۆتایی بە دوونیا دێت و خوای گەورە هەرچی لەسەر لەزە وی هەیە دەیباتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداری كردنی سەردەم و شوێن و پایەو كەسایەتی پیاوەكە ئیعتیباری خۆی هەیە، وە هەروەها بارو زروفی تاك تاكی خەڵكی دەبێت حیسابی بۆ بكرێت.

وە هەورەها سور بوون لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەی ئیسلام بەزۆركردنی ئەندامەكانی بۆ ئەوەی چەكی جەنگ و ئاسایش بن لە گرنگترینی ئەو ئامانجەیە كە یاسا دانەر مەبەستی یەتی، وە گرنگترین مەبەستە كە یاسا دانەری ئیسلام لە بەرچاوی گرتووە ،نەوەك بە پێچەوانەوە پیاو بۆیە هەوڵی چەند ژنێك بدات تەنها بۆ بەتاڵ كردنەوەی غەریزە كانی خۆی و بە بێ خستنەوەی وەچەو منداڵی صالح یان صالحة كە لە پاش مردنیش سوود بە خاوەنەكانیان دەگەیەنن چونكە چەندێک پیاو حەز بە نەوەو وەچە بكات بێگومان ئافرەتیش هەمان بیرۆكەی سۆزی دایكایەتی پاڵی پێوە دەنێت كە ببێتە پەروەردەكەری نەوەی دوارۆژی ئیسلام.

9. ئەم یاسایە لە کۆنەوە کە دانراوە و جیهانی ئیسلامی ئیشی پێکردووە،فەزڵێکی گەورەی هەبووە بۆ مانەوەی بەپاکی و دوورکەوتنەوەی لە هەموو پیشە ناشرینەکانی کۆمەڵایەتی و کەم ڕە وشتی کە لەو گەلانەدا بڵاو بووە کە باوەڕیان پێی هەبووە و ئیعترافیان پێ نەکردووە.

**وە لەوە کۆمەڵگانەدا کە هێنانی چەند ژن قەدەغەیە ئەم شتانە دەبینرێ:**

یەکەم : بڵاو بوونەوەی سەرپێچی و داوێن پیسی هەتا ژمارەی ئافرە تە ڕەوشت پیسەکان لەژمارە ی ئەوانە زۆرترن کە مێردیان کردووە لە هەندێك شوێندا.
دووەم : بە هۆی ئەو داوێن پیسی یەوە ژمارەی منداڵیش زۆر بووە، چونکە لە هەندێک شوێندا ڕێژەی ئەگاتە 50% ی لە دایك بووان، وە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو ساڵێك زیاتر لە دووسەد هەزار منداڵی ناشەرعی لە دایك دەبێت!!!
ئەمەش گۆڤاری گەل لە مانگی ئابی ساڵی(1959) ئەمەی بڵاو کردۆتەوە دەی دەبێت لە ساڵی(2011) چەند بێت؟؟؟.
ئەو ڕەقەمە سەر سوڕ هێنەرەی منداڵی ناشەرعی کە لە دایك بوون لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەر لە نوێ دەمە قاڵێی تازە کردۆتەوە دەربارەی ئەمە کە ئاستی ڕەوشت لە ئەمریکادا چەندە لە خوارە وە یە ،وە ئەو بارە گرانەی کە دێتە سەر شانی باج دەرانی ئەمریکا- لەئەنجامی ئەو خەرجی یەی کە ئەبێ صەرف بکرێ بۆ ئەم سوپای منداڵە زۆرە- وە ئەمە سەیر نی یە چونکە ژمارەیان ساڵانە لە دووسەد هەزار تێدە پەڕێت.
وە بۆ بەرە نگاری کردنی ئەم تەنگ و چەڵەمەیە دەستگا ڕەسمی یەکان لە هەندێك شوێندا بیریان لەوە کردەوە کە ئافرە تان نەزۆك بکەن بە تایبەتی ئەوانەی لە تەعلیماتی ئاین لایان داوە ، وە لە هەندێك شوێندا دەمەقاڵێ دەکرا لەسەر ئەو پێشنیازانەی کە داوایان دەکرد یارمەتی کەم بکەنەوە لەو دایکانەی کە لە منداڵێکی ناشەرعی زیاتری دەبوو،کە ئەگەر ئێستا سەیر بکەین چۆن ژیانی هاوسەری لە ڕۆژ ئاوادا بەرەو پوکانەوە دەچێت ئەوەش وای کردووە کوڕو کچ تەنها حەزەکانیان بەیەکتر بەتاڵ دەکەنەوە و قەت بیر ناکەنەوە لە دروست کردنی منداڵ ئەمەش وای کردووە کە لە هەندێك وڵاتانی ڕۆژ ئاوادا ڕەگەزنامەی وڵاتەکەیاب ببەخشن بەهەر منداڵێك کە لە وڵاتەکەیان لە دایك دەبێت ئەگەر چی دایك و باوکیشی خەڵکی ئەو وڵاتە نەبن!.

وەزارەتی تەندروستی و پەروە ردە وکاری کۆمەلآیەتی لە وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیووت: بەراستیباج دەران لە ئەمریکا لەو ساڵەدا(210)ملیۆن دۆلار بدەن بۆ دابین کردنی خەرجی ئەو مندالآنەی بە ناشەرعی دەبن لە دایك،کە بۆ هەر منداڵێك مانگی(27) دۆلارو(29) سەنتیان سەرف دەکرد وە ئەم سەرژمێرییەی کە باسمان کرد لە نوسراوێکی ڕەسمی دا ئەڵێت کە ژمارەی ئەو مندالآنە(87)هەزارو(900) لە ساڵی (1938)دا گەیشتۆتە (201)هەزار و (700) لە ساڵی (1957)دا ، وە وەزارەتی کاروباری کۆمەلآیەتی داینابوو کە ساڵی(1958)ئەو ژمارەیە بەرز دەبێتەوە بۆ(250)هەزار بەلآم پسپۆرەکانیان ئەڵێن لەو ژمارە یە زۆر زۆرتر دەبێت!.

وە سەر ژمێرە دەوڵەتی یەکان کەلەم دوایی یەدا ئەنجام دراوە وا دەردەخات کە ژمارە یان لەهەریەك هەزاردا گەیشتۆتە سێ بەرامبەر ، بەتایبەتی لەم دو جیلەی دوایی دا کە کارێکی ترسناك دەردەخات لە نێوان ئافرە تە تازە پێگەشتووەکان دا.

وە زانایانی زانستی کۆمەلآیەتی ڕاستیەکی تر دەردەخەن ئەویش ئەوەیە کە خێزانە بە تواناکان ئەگەر کچێکیان منداڵێکی ناشەرعی بوو ئەیشارنەوە و منداڵەکە ئەنێرن بۆ خێزانێکی تر تا بیکەنە منداڵی خۆیان و بە خێوی بکەن. گۆڤارەکە تەواو بوو.

ئێمەش دەڵێین ئەی دەبێت ئێستا چەند بن کە ساڵی(2011)یە کە زیاتر لە(54)ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو سەرژمێریانەدا بۆیە بەدوای سەرژمێری تازەدا نەگەڕام چونکە پێم وایە ئەگەر کەسێك ئاقڵ بێت ئەوەندەی بەڵگەی بەسە کە لەزمانی وەزارەت و ڕۆژنامەکانی خۆیانەوە باسیان لێوە کرابێ.

سێ یەم : ئەم تێکەڵ بوونە پیسە بووە تە هۆی بلآو بوونەوەی نەخۆشی لاشەیی و گرێی دەرونی و تێکچونی ئارەزوو مێشك.

چوارەم : هۆیەکانی لاوازی دەرونی و تێکچوون خۆی کێشاوەتەوە ناویان.

پێنجەم : گرێی پەیوەندی یە بە هێزەکانی نێوان ژن و مێرد کراوەتەوەو ژیانی ژن و مێردایەتی تێك چوە و پەیوەندی خێزانی هەڵوەشاوە هەتا وای لێهاتووە بووە بە شتێکی بێ بایەخ.

شەشەم : وون بوونی نەسەبی ڕاست ، هەتا مێرد ناتوانێ بەتەواوی بڵێت ئەو مندالآنەی پەروەردەیان دەکات هی خۆیەتی.

ئەم خراپی یانەو گەلێ شتی تر ئەنجامێکی سروشتی بووە بۆ لادان لە فیترەت و دوورکەوتنەوەی لە فەرمانەکانی خوا، کە ئەویش بە هێزترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە

بۆچوونی ئیسلام باشترین بۆچوونە، وە یاسای ئیسلام ڕەواترین یاسایە بۆ مرۆڤێك لەسەر ڕووی زەوی بژی، نەك بۆ ئەو فریشتانەی كە لە ئاسمانن.

با بەو ووتەیە كۆتایی بهێنین بەو پرسیارو وەڵامانەی كە لە(الفونس اتيين دينية) هێناویەتی و ووتوویەتی: ئایا لە نەمانی چەند ژن هێنان‌دا سوودێكی ڕەوشتی هەیە؟

لە پاشان وەڵامی داوەتەوە: ئەمەشتێكە گومانی لێ ئەكرێت، چونكە ئەو بەد ڕەوشتی یەی كە زۆر كەمە لە زۆربەی ووڵاتە ئیسلامی یەكاندا لە مەودووا لەوێش بلاو ئەبێتەوە و شوێنەوارە وێرانكەرەكانی دەردەكەوێت.

(مەگەر ئەم ووتەیە نە بۆتە كردار لە نێو كۆمەڵگەی ئێمەدا و ئەوەشی كە دەكەوێتە بەر چەقۆی كەس و كارەكەی تەنها ئافرەتانن چونكە پیاوەكە وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچێت و تەنها ئافرەت دەمێنێتەوە و سەرەنجام كەس و كارەكەشی بۆ سڕینەوەی ئەو تاوانە لەسەر شانی خۆیان بە كوشتن كۆتایی بە كچەكەیان دێنن لە كاتێكدا حوكمی هەردووكیان وەك یەكە لەئیسلام دا بەڵام بەهۆی جی بەجێ نەكردنی یاساكانی ئیسلام وەلاخستنی وە برە و دان بە یاسای دەستكردوو هێنانەوەی حوكمی جەهالەت سەرەنجام هەرئاوا مافی ئافرەت دەدرێت) (1).

هەروەها نەخۆشیەك دەردەكەوێ كە لەوە و پێش نەیان ناسیوە، ئەویش مانەوەی ئافرەتە بی ئەوەی كە بەهۆی ئەوەوە خراپە بڵاو دەبێتەوە لەو ووڵاتانەدا كە تەنها هێنانی یەك ژن تێیاندا ڕەوایە ، وە ئەوە ی تێدا دەركەوتووە بە ڕێژە یەكی ترسناك بە تایبەتی كاتەكانی دوای جەنگ.(2).

## بەستنەوەی هێنانی زیاتر لە یەک ژن و هۆكاری ڕێگرتن لێی:

خراپی بەجێ هێنان و گوی نەدان بە ئامۆژگاریەكانی ئیسلام بووەتە بەڵگەی ڕاپەڕین بۆ ئەو كەسانەی كە ئەیانەوێ هێنانی زیاتر لە یەك ژن ببەستنەوە بەوەی كە ڕەوا نەبێت بۆ پیاو ژنێكی تر بهێنێت هەتا قاضی یان ئەو لایەنانەی ئەو كارە یان خراوە تە ئەستۆ تەواو لە حاڵ و توانای ماڵی ئەو كەسە نە كۆڵنەوە ، ئینجا ڕێ یان داوە بەو پیاوە ژنێكی تر بهێنێت.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە ژیانی ماڵداری پێویستی بە نەفەقەیەكی زۆر هەیە ، جا ئەگەر ژمارەی ئەندامی خێزان زیادی كرد بە هۆی چەند ژنەوە ، ئەوە باری پیاوەكە گران دەبێت

(1) ئامادەكاری نامیلكەكە.
(2) لە كتێبی(محمد رسول الله): وەرگێرانی(د/عبدالحليم محموود).

و لەپەروەردە کردنیان پەروەردە یەکی وا کە بیان کاتە ئەندامی چاکی کۆمەڵەکەیان ، وە کەم توانا ئەبێت لە پەروەردەکردنیان پەروەردەیەکی وا کە بیانکاتە ئەندامی کۆمەڵەکەیان، کە لە پاشە ڕۆژدا بتوانن هەڵسن بە بەجێ هێنانی ئەرکی گرانی ژیان ، وە بەوەش نەزانی و نەخوێندە واری بڵاو دەبێتەوە و بێکاری دەست بەسەر ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەدا دەکێشێت و ژمارەیەکی زۆریان لێ دەربەدەر دەبیت وە تاوەکو پیر دەبن هێشتا هەر هەڵگری ئەو میکرۆبە پیسانەن کە ئێسکەکانیانی خواردووە.
پاشان پیاو لەم ڕۆژگارەدا زیاتر لە ژنێك ناهێنێت مەگەر لەبەر تێرکردنی ئارەزوو دەستکەوتنی سامان نەبێت ، بێ ئەوە بگەڕێت بەشوێن حیکمەتی چەند ژن هێنان، وە لەو هێنانەشدا مەبەستی لایەنی بەرژەوەندی یەکەی نی یە ، لە بەر ئەوە زۆر جار ستەم لە مافی ئەو ژنەی کە ژنی بەسەردا هێناوە دەکات و بە منداڵەکانی زیان دەگەیەنێت ، کە بێبەشیان دەکات لە میرات ، و بەوە ئاگری ناکۆکی لە نێوان براو خوسکە کان لەو هەوێ یانە هەڵدەگیرسێنێت ، لە پاشاندا ئەم ناکۆکی یە بڵاو دەبێتەوە لە نێوان خێزانەکاندا ، دووژمنایەتی زۆر دەبێت و هەر ژنە تێدەکۆشێت تۆڵە لەوی تر بستێنێت، ئیتر ئەو ستە بچوکانە گەورە دەبن هەتا دەگەنە ڕادەی کووشتن لە هەندێک جاردا.
ئەوە هەندێکە لە شوێنەوارەکانی هێنانی چەند ژن کە بەڵگەی بەستنەوەی لێ وەرگیراوە ، جا ئێمەش ئەڵێین: چارسەر کردن بەوە ناکرێ کە ڕێ لەوە بگیرێ کە خوا ڕە وای کردووە ، بەڵکو بە پەروەردەکردن و شارەزاکردنی خەڵکی بە یاسای خوا ئەبێت.
ئایا نابینی کە خوا ڕێی داوە بە مرۆڤ بخواو بخواتەوە بێ ئەوە لە ڕادەی خۆی تێ پەڕێت، جا ئەگەر لە خواردن خواردنەوەدا زیادە ڕەوی کرد و تووشی نەخۆشی درم بوو ئەوە ئەو نەخۆشی و درمە ناگەڕێتەوە بۆ خواردن و خواردنەکە ، ئەوەندەی کە ئەگەڕێتەوە بۆ زۆر خواردن و ئیسراف کردنەکە.
وە چارە سەر کردنی ئەوەش بەوە نابێ کە ڕێی خواردن و خواردنەوە بگیرێ لەوانە، بەڵکو بە فێر کردنی ئەو ڕەوشتانەی کە پێویستە ئاگاداری بکری بۆ خۆپاراستن لە ڕوودانی ئەو زیانە.
لە پاشاندا ئەوانەی بۆ ئەوە چوون کە چەند ژن هێنان قەدەغە بکرێ هەتا قاضی ڕێ نەدات وە بەڵگەشیان واقیعی حاڵی ئەوانەیە کە لە ژنێك زیاتریان هێناوە ، یان پێ نازانن یان خۆیان گێل دەکەن لەو خراپەیەی کە ڕوو دەدات لە ئەنجامی ئەو قەدەغە کردنە ، چوونکە زیانی دروست بوو لە ئەنجامی ڕەوایی چەند ژندا زۆر هێواش ترە لە زیانی قەدەغەکردنی.

وە پێویست ئەوەیە کە خۆ لە توونێد ترینی ئەم دوو زیانە بپارێزرێ بەوەی کە سوکە کەیان ڕەوا بکرێ بە پێی قاعیدە ی(سوك ترین زیان لەدوو زیان)وە سپاردنی ئەو کارە بە قاضی شتێکە کە ناتوانێ زەوتی بکات ، چونکە هیچ کێش و پێوانێکی راست نی یە بتوانرێ بارو زروفی خەڵکی پێ بزانرێ ، وە لەوانەیە زیانی نزیك تر بێ لە سوودەکەی.

وە مسوڵمانان لەسەردەمی یەکەمەوە هەتا ئێستا لە ژنێك زیاتریان هێناوە ، وە پێمان نەگەیشتوە کەسێك هەوڵی ئەوەی دابێت قەدەغەی بکات ، یا بیبەستێتەوە بەو شێوەی کە ئەمانە پێشنیازیان کردووە ، جا با ئێمەش ئەو توانایەی ئەوانمان ببێت ، وە پێویست نی یە ڕەحمەتی فراوانی خوای گەورە لەسەر خۆمان تەسك بکەینەوە ، وە لەو یاسایە کەم بکەینەوە کە هەرچی خوو ڕە وشتی جوانە تێیدا کۆ بۆتەوە بە شایەتی دووژمنان جگە لە دۆستان.

هەر لەبەر ئەمەیە ئێمە ناڵێین وەرن با چارەسەری گەورە کچی بە دەزگای دەسکردی نێرینەی پیاو بکەین کە نە لە گەڵ ئاین دا یەك دەگرێتەوە نە لەگەڵ داب و نەریتدا! بەڵکو دە ڵێین با ئەو ئافرە تانە بێن شو بکەن بە پیاوێکی باوەڕدار کە خاوە نی خێزانێکی ترە واتە نیوەی پیاوەکە بۆ خۆی بێت باشترە لەوەی کە تەنها پارچەیەکی دەسکرد بەکار بهێنیت وەك ئەو بانگەشانەی کە هەندێك لە ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان دەیکەن خۆ ژیان هەر پێك نە هاتووە لە کاری سەر جێ بەڵکو ئافرەت کاتێك هەست بە بوونی راستە قینەی خۆی دەکات کە لە ژێر سێبەری پیاوێکدا بحەسێتەوە و پیاوەکەی وەك چەترێك وا بێت بەسەری یەوە من بۆ خۆم ئاگادار بووم خوشکێک کە تەڵاق درا بوو خاوەنی کچێکی (9) ساڵان بوو لە ماڵی برایەکی دەژیا براژنەکەی نەیدەهێشت دەرگای سەلاجەکەش بکاتەوە ! هەر بۆیە ئەم ئافرەتە ئەوەندە بێزار بوو ئامادەیی تێدا بوو کە شو بکات بەسەر چەند ژنی دیکەش دا بەس لەبەر ئەوەی نەجاتی بێت لەو ژیانە ناڕەحەتەی، جا من بەرێکخراوەکانی مافی ئافرەت دەڵێم ئایا ئەم ئافرەتە شوی بکردایە باش بوو یان بهاتایەتە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی ئێوە کە دەیان ئافرەتتان پشت گوێ خستووەو وە دەرتان ناون لە ماڵ و حاڵی خۆیان و ئێستاش لەترسی کەس و کاریان چونەتە شارەکانی دیکەو بە کاری لەش فرۆشی ژیانی خۆیان دەبەنە سەر، هەر بۆیە سوپاس بۆ خوا ئەو خوشکە شوی کرد بە برایەکی بەڕێزی خاوەن خێزان ئەوەندەی کە ئاگادارم ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەن پێکەوە لەگەڵ خێزانەکەی تریش دا وە بڕواتان هەبێت ئەم ئافرەتە بەڕێزە زانکۆشی تەواو کردبوو وە فەرمانبەریش بوو پارەیەکی باشیشی هەبوو مانگانە تاوەکو نەڵێن خوا دەزانێت چی داماوێکە، لەبەر ئەوە کەسی ئاقڵ ژیانی مادە هەڵنابژێرێت بەسەر ژیانی هاوسەریدا.

**مێژووی چەند ژن هێنان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام :**

لە راستیدا ئەم یاسایە لە پێش دەرکەوتنی ئیسلامیشدا هەر بڵاو بووە لە نێوان زۆر لەگەلانی سەر زەوی دا لەوانە(عیبری یەکان)و(عەرەب) لەسەردەمی نەزانی دا، وە گەلانی(صەقالیبە) یا(سلافیون)ەکان ، کەبەشی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتانە ئەچنەوە سەریان کە ئەمڕۆ ناو ئەبرێن بە:(روسیا و لیتوانیا و لیثوانیاو بولونیا و چیکسلۆڤاکییا و یوغسلافیا).

وە لای هەندێ گەلانی (جەرمەنی) و (سەکسۆنی) کەبەشی زۆری خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەگرێتەوە کە ئەمڕۆ پێی ئەڵێن: (ئەڵمانیاو نەمساو سویسراو بەلجیکاو هۆڵەنداو دانیمارك و سویدو نەرویج و ئینگلتەرا).

کەواتە ڕاست نی یە ئەوەی کە دەڵێن هەر ئیسلام ئەم یاسایەی هێناوە، لەڕاستی دا ئەم یاسای چەند ژنە هەتا ئێستا بڵاوە لە نێوان زۆر گەلانی جیهاندا کەلەسەر ئاینی ئیسلامیش نین وەك وڵاتانی:(ئەفریقاو هیندو چین و یابان).

کەواتە ئەوەش ڕاست نی یە کە ئەڵێن ئەم یاسایە تەنها لە نێو ئەو وڵاتانەدا هەیە کەلەسەر ئاینی ئیسلامن.

وە لەڕاستی دا ئاینی مەسیحی هیچ پەیوەندی نیە بە حەرام کردنی چەند ژنەوە، چونکە لە ئینجیلدا دەقێکی ڕاست و ڕەوان نی یە کە بەڵگە بێت بۆ حەرام کردنی.

جا ئەگەر بەشی زۆری مەسیحی یە دێرینەکان لەخەڵکی ئەوروپا لەسەر یاسای یەك ژن هێنان بوون لەبەر ئەوە بووە بەشی زۆری نەتەوە ئەوروپی یەکان بت پەرستی لە نێوانیان دا بڵاو بووە کەواتە ئەو یاسایە هەر لەوانەوە بۆیان ماوەتەوە ، وەك گەلانی یۆنانی و ڕۆمان کە ڕەوشتیان وەها بووە چەند ژن حەرام بووە کەمارە بکرێن، ئیتر خەڵکەکە هەر لەسەر ئەوە ڕۆیشتوون کە باو باپیرانیانی لەسەر بووە.

کەواتە یاسای یەك ژنی یاسایەکی کوت و پڕ نەبووە هاتبێتە ناویان بەهۆی ئاینە تازەکەیانەوە کە چونە ناوی، بەڵکو یاسایەکی کۆن بووە لەکاتی بت پەرستی یەوە کاری پێکراوە ،تەنها شتێك لێرەدا ئەوەیە کە یاساکانی کەنیسەی تازە داهێنراو دووای ئەوە جێگیر بووە لەسەر حەرامی چەند ژنی ، وە وای داناوە کە لە تەعلیماتی ئاین نی یە، هەرچەندە لە کتێبی ئینجیلەکاندا شتێکی وەها نەهاتووە بەڵگە بێت لەسەر ئەو حەرامی یە.

وە ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە یاسای چەند ژنی لەگەلانی پێش کەوتوو لەشارستانی یەتیدا نەبێت بەو شێوە ڕوونە دەرنەکەوتووە ، لە کاتێکدا لەناو گەلە دواکەوتووەکاندا زۆر

کەم بووە وەك زانا کۆمەڵناسەکان و مێژوو نوسەکانی شارستانی یەت بڕیاریان لەسەر داوە، وە لەسەروو هەموویانەوە(ویسترمارك و هوبهوس و هیلیر و جنربرج).
وە تێبینی ئەوە کراوە کە یاسای یەك ژنی لەناو بەشی زۆری گەلە دواکەوتووەکاندا باو بووە بەتایبەتی ئەو گەلانەی لەسەر ڕاو کردن ژیاون، یان ئەوانەی لەسەر داهاتی میوەی سروشتی ژیاون کە لەسروشتدا هەبوون ، وە هەروەها لەناو ئەو گەلانەدا باو بووە کە زۆر زۆر لەسەر دواکەوتویی سەرە تا نەماونەتەوە، وەك ئەو گەلانەی کەتازە کار بوون لە کشتوکاڵ دا.
لە کاتێکیشدا کە یاسای چەند ژن بەشێوە ی ڕوون و ئاشکرا دەرنەکەوتووە لەناو ئەو گەلانەدا نەبێت کە زۆر پێشکەوتوو بون ، ئەوانیش ئەو گەلانە بوون کە مەرحەلەی ڕاوی سەرەتاییان بڕیوە وە گەیشتوونەتە مەرحەلەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و بەکارهێنانی بەروبوومیان، وە ئەو گەلانەی لە مەرحەلەی کۆکردنەوەی بەروبوومی سروشتی تێپەڕیون بۆ مەرحەلەی کشتوکاڵ.
وە زۆر لەزانایانی کۆمەڵ ناسی مێژوو نوسی شارستانی یەکان ڕایان وەهایە کەیاسای چەند ژن بەرفراوان ئەبێت و ئەو گەلانە زۆر دەبن کە بەو یاسایە ئیش بکەن ،هەتا لە شارستانی یەتیدا پێش بکەون، کەواتە راست نی یە ئەوانەی کە دەڵێن: یاسای چەند ژن بەستراوە بە دوا کەوتووی شارستانی یەتی یەوە ، بەڵکو ئەوەی کە لەگەڵ واقیعدا ڕێك دێتەوە بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەیە.
ئائەوەیە کەڕاست و ئاشکرایە دەربارەی ئاسای چەند ژنی لە لایەن مێژووی یەوە، وە ئەوەشە هەڵوێستی مەسیحی یەت لەو بارە یەوە ، وە ئەوەشە ڕاستی دەربارەی سنووری بڵاو بوونەوە یی و پەیوەندی بە پێشکەوتنی شارستانی یەتی یەوە ، وە ئێمە بۆ ئەوە باسی ئەمانەمان نەکردووە کە پڕوپاگەندە بۆ ئەم یاسایە بکەین تاوەکو بەخەڵکی بڵێین فەرموو بەیانی چوار ژن بهێنە بەڵکو تەنها بۆ ئەوەی هەرشتەو لە شوێنی خۆیدا دابنێین وە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ڕۆژئاوایی یەکان و کۆمەڵێك لەقەڵەم بەدەستی ئیفلاسی لای خۆمان دەیکەن دەربارەی شاردنەوەو گۆڕینی ڕاستی و مێژوویی.
لە کۆتایی دا ئەوەی کەماوە بڵێین ئێستا بۆت ڕوون بۆیەوە کەوا ئاینی پیرۆزی ئیسلام چۆن لە خەمی تاك بە تاکی کۆمەڵگاکەیدایەو وە چۆن بە بەرنامە ڕێژیەکی جوان و تێرو تەسەل کۆمەڵگاکەی بە پاکی رادەگرێت و وە وەڵامی هەمو ئەو تۆمەت و درۆو دەلەسانەی داوەتەوە کەوا کۆمەڵێك کەسی نەفس نزم و بێ ئابڕوو کەوتوونەتە بەرەی دژ بە باوەڕی یەکخواناسی و بە ئارەزووی نەفس و شەیطانەکانییان یاساکانی خوا دەگۆڕن، و

هەریەكەیان لەسەر دەرگایەكی دۆزەخ ڕاوەستاوە و بانگەشەی بێبڕوایی و دژ بەدین دەكات بۆ بردنە سەری پیلانی گڵاویان وە دەزانن ئەم پیلانە ژەهراویانەش تەنها دین كەشفی دەكات بۆیە دەبینین زۆر بێ ویژدان و بێ ئابڕوانە كەوتونەتەوە سەر بانگەشەی نەفامی، سوپاسی خوای گەورە دەكەم كە یارمەتی دام پاش ئەوەی خەریكی خوێندنەوەی كتێبی فیقهی بە ناو بانگی(فقه السنة)ی زانای پایەبەرز سەید سابق بووم ئەوەی كە مامۆستای بەڕێز مامۆستا حمە ئەمین ئەحمەد بەرزنجی وەری گێڕاوە بۆ زمانی ڕەسەنی كووردی لە بەرگی دووە م دا لە باسی ژن هێنان و شوكردندا گەشتمە سەر ئەم باسە گرنگەو بە پێویستم زانی وەك ئەهلی نقڵ بیكەم بە نامیلكەیەك و لەخزمەتی مسوڵمانانی كووردستاندا بڵاوی بكەمەوە بەو هیوایەی ببێتە چەمكێك بۆ ڕۆشن كردنەوەی ڕێگا تاریكی یەكانی سەردەمی نەفامی ئەمڕۆ و زەنگێكی وووریا كەرەوە بێت بۆ هەموو ئەو ڕێكخراو سەنتەرانەی كە باس لە ئازادی و مافی ئافرەت دەكەن بە ناوی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان بە بێ ئەوەی بزانین ئەركی ئافرەت چی یە لای ئەم ڕێخراوانە؟ ئەگەر لە بەرەڵا كردنی ئافرەت و نە هێشتنی شەرم و حەیاو ڕەوشتی بەرزو پیرۆزی ئافرە تانی مسوڵمانی كووردستان نەبێت زیاتر بێگومان هیچ ئەركێكی تر نابینم كە دیاری كرابێت.

داواكارم لەخوای گەورە بیكاتە تووێشوی قیامەتمان و لەهەڵەو كەم و كوڕی یەكانی منیش ببورێت.اللهم امین.

برای بچوكتان: باوكی ئەسماء

rangshexany@yahoo.co.uk

(وسبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا اله الا أنت استغفرك وأتوب اليك)